

# ڕەنگە کراوەکان بۆ ماکیاژی خانمانی بووک

ماکیاژەکان بە چەندین شـێوەی جیاواز کاریان لەسـەر دەکرێ، بە تایبەت بۆ خانمانی بووک کە دەبێ بە جوانترین و شایستەترین شێوە دەربکەون، ئەمەش دەبێ لەگەڵ جوانی و نەشونمای بووکە خانەوە بگونجێ و تەنانەت بەو شێوەیە کە شێوازی ڕووخساری خۆی نەشـوێنرێ و هەمان شێوەی خۆی بپارێزرێ و تەنانەت جوانتریش بکرێ، مۆدەکانی ماکیاژ لە بوارەکاندا جیاوازیان هەیە، بەهۆی ئەوەی هەر یەکە بە شـێوازێك کاری خۆی دەکات، لێرەدا دەبێ ئەم جۆرە ماکیاژە شایسـتەی جۆری ڕووخسـارەکە بێ و بەمەش دەتوانرێ سـوود لە ماکیاژ وەربگرێ و ببێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی ماکیاژەکان. لـە مۆدەکانی تازەی ماکیاژ کردن، مامەڵـە لەگەڵ ڕەنگە تۆخەکان دەکرێ، وەك: پەمەیی و قاوەیی و سوور، کە هەر سێ لەم ڕەنگانە دیمەنێکی ڕازاوە و کراوەی هەیە، کە دەبێتـە ڕێگەیەك بۆ جوانترین ماکیاژی خانمانی بووك، بە تایبەت ڕەنگی پەمەیی بۆ لێو، بە شای ڕەنگەکان دادەنرێت.

## گوارە شێوە لاکێشەکان

مۆدەکانی ئێکسسـوارەکان شێوەی جوان و ڕازاوە لەخۆ دەگـرن، هەر شـێوەیەك جوانییەکی خۆی هەیە و شێوازێکی تایبەتی هەیە، ئەمەش لەسەر خواسـتی خانمانەوە دەبـێ کاتێك هەر جۆرە ئێکسسوارێك هەڵدەبژێرن، مۆدەکان لەسەر شـێوازی تازە دەردەکەون، یەکێك لەو مۆدە ئێکسسوارانەی لە شارەکانی کوردسـتان هەیـە و زیاتریش کچـان دەیپۆشـن، جوانی گوارەکانیش لە شـێوە و سـتایلەکانییانە، کە بە شـێوەیەکی کراوە و جوان

## بۆ جوانی گوێچکەت

تایبەتمەندی و جوانی خۆیان دەردەخەن، بە شـێوەیەك کاتێـك دیمەنێکـی ڕازاوەی دەبێ، لـە نزیکەوە سـەرنجڕاکێش دەبێ، ئەم شێوەیە دەبێتە یەکێك لە جوانتریـن دیمەنەکانی گوارەی مۆدە تازەکان کە جێگـەی ناسـکی و ڕازاوەیی بێ، ئەم گوارانەش شێوەیەکی لاکێشەیان وەرگرتووە و کە زۆر بە ناسـکی و جوانـی لەسـەر گوێچکە دەوەستێ، بە جۆرێك دەبێتە مایـەی جوانییەکی شایستە و ڕازاوە.





# مۆدەکانی ئەنگوستیلە لە کوردستان

**ئێکسسواراتی (جوجو) - هەولێر**

گرنگی ئێکسسوارەکان شێوازێکی گەورەی هەیە لە جوانیدا بۆ سەرتاپای جەستە و بەشەکانی دیکەی کە ئێکسسواری بۆ دادەنرێ، مۆدەکان لەگەڵ هەنگاوەکان کاری تازەیان بۆ دەکرێ و لەگەڵ هەر مۆدەیەك شێوەیەکی دیکە دەردەکەوێ، ئەمەش وادەکات کە گۆڕانکاری لەسەر مۆدەکاندا بێ و لە ڕێگەی تازەوە دەربکەوێ، لێرەدا ئاراستەی مۆدەکان بەشێوەی تازەوە دەردەکەون، یەکێك لە باوترین مۆدەی ئێکسسوارەکان بریتییە لە ئەنگوستیلەی دەستی کچان و خانمان، کە هەر یەکێك جۆرە شێوازێك لە دەست دەکات، ئەنگوستیلەکانیش هێمایەکی کراوە و جوان دەبەخشێ، مۆدەکانیش بە هەر شێوەیەك کاری تازەی بۆ کراوە، لە کوردستان باوترین مۆدەکانی ئێکسسواری ئەنگوستیلە بریتییە لە ئەنگوستیلەی برۆنز، یان زیاتر ئەوانەی لە زیوو دروست کراون، کە شێوەیەکی گەورەی هەیە و بە نەخشێکەوە رازاوەتەوە، مۆدەی لەم جۆرە دەکرێ لە چەندین ڕەنگەوە ئامادەکراوە و ئەمەش دەبێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی ئەنگوستیلە لە کوردستان.




# تەنوورە (سکێرت) ڕازاوەترت دەکەن

جلوبەرگ بە شێواز و ستایلە تازە و کۆنەکان، گوزارشت لە مۆدەی سەردەم دەکەن و هەر یەکەش بە ڕێگەی جوانی خۆیەوە کار دەکاتە سەر دانانی ستایلێکی تایبەت بە جەستەی خانمانەوە، لێرەدا دەبێ گرنگی و تایبەتمەندی جلەکان وەربگرین بە گشت جۆرەکانیەوە، یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین جلەکانی خوارەوە بۆ خانمان، بریتییە لە (تەنوورە – یان سکێرت) کە شێوە جلێکی تایبەتە و بە جوانی و کراوەیی یان وەك شێوەی بۆدی دەبێ، دیمەنێکی تایبەت و ڕازاوەی هەیە، کە دەکرێ لەگەڵ گشت جۆرە جلێکی دیکە خۆی بگونجێنێ، ئەمەش وادەکات کە شایستەی مۆدەیەکی بە ئەمەك بداتە دەستەوە، لە جوانی سکێرتەوە دەتوانین دیمەنێکی کراوە بەدەست بهێنن، کە لەگەڵ وەرزی گەرما سوودی بۆ پێست هەیە بۆ دوور کەتنەوە لە گەرمی هاوین، شێوەی تەنوورەکانیش بە چەندین جۆرە و یەکێك لە گرنگترینیان مۆدەی سکارلێتە کە بە مۆدەیەکی لار و لە خوارەوە بە نەخشەوە کاری بۆ کراوە.

# چۆنیەتی چارەسەر کردنی تەڵە مووی سپی لە قژی ئافرەتان

**جوانکاری کارۆلینا – سلێمانی**

گرفتەگانی قژ زۆرن، بەتایبەت بۆ خانمان، چونکە بەهۆی بەرەنگاربوونەوەیان لە ساردی و گەرمی و یان لەگەڵ کاری جوانکردن و تەسریحە دانان، لەوانەیە تووشی حاڵەتی ناشایستە و دوور لە سروشتی قژ ببن، سەرهەڵدانی تەڵە مووی سپی یان بەشێك لە قژ بەرەو ڕەنگێکی سپی بوون دەچێ، ئەمە یەکێکە لە گەورەترین کێشەکان کە تووشی خانمان دەبن، لێرەدا دەکرێ چارەسەری بۆ ئەم لایەنە ئامادە بکەین و بتوانین بە ئاسانی ئەو دیاردەیە لە قژ ون بکەین، ئەویش بە ڕێگەی ئامادەکردنی گیراوەیەك کە سوودی بۆ ئەو لایەنە هەیە.

- نیو فنجان ئاو
.دووکەوچکی گەورە خەنە لەگەڵ چوار کەوچکی گەورە (مریەم نخونی) (المرامیه)

٢-کەوچکێکی بچووك قەرنەفل لەگەڵ نیو فنجان چای کوڵاو.

- سەرەتا دەبێ ڕووەکی (مریەم نخونی) چاك بکوڵێندرێت لەناو ئاودا بۆ ماوەیەك لێی بگەڕێی، تا سارد دەبێتەوە، دواتر قەرنەفڵ و چا کوڵاوەکەی لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو بکە، پاشان خەنەکەشی لەگەڵ تێکەڵاو بکە، بەم شێوەیە گیراوەیەکمان بۆ دروست دەبێ و ڕاستەوخۆ لەو شوێنانە دەدرێ کە سپی بووە بۆماوەی ٣٠ خولەك لێیبگەرێ و دواتر قژت بشۆ، ئەنجامێکی گەورەی دەبێ لە ون کردنی تەڵە سپییەکان.







# قەند و دیشلەمە چۆن ئامادە دەکرێ!

ئەوەی دەیبینن ئامێرێکی کۆنە و لەسەر دەستی باوك و باپیرانمان دروست کراوە بۆ دایك و داپیرانمان وەك دیاریەك، کە ئەویش بریتییە لە ئامێری قەند شکاندن، لە زەمانی پێشوودا و تا ئێستاش، کەسانێك هەن چای بە دیشلەمەوە دەخۆنەوە، کە پێکهاتووە لە قەندی شکێنراو کە لەگەڵ چای بێ شەکر دەخوردرێتەوە، کە پارچە دیشلەمەکە دەخرێتە ناو دەم و ئیتر چای لەسەر دەکرێ، ئەم ئامێرە کۆنە، کاری شکاندنی قەند بووە بۆ ئەوەی ببێتە پارچەی بچووك کە بە دیشلەمە ناسراوە، ئەوەش لە ڕێگەی هێنانی قەندی گەورە و ئیتر دەخرێتە سەر ئاسنی ئامێرەکە و بە تەورەکە لێیدەدرێ و ئیتر قەندەکە دەشکێ و دەبێتە پارچەی بچووك و دەکەوێتە ناو ئەو قاپەی لەژێر شوێنی قەند شکاندنەکەدایە.



# قژێکی (٤) مەتری!



مرۆڤ لە هەندێك کار و ئەرکی خۆی تووشی کاری قورس و ناخۆشی دەبێ، وەکو ئەو ئافرەتەی لە وڵاتی چین دەژی و ناوی (تانگ)ـە و درێژی قژی لە ماوەی (٤٠) ساڵدا گەیشتۆتە (٤) مەتر، کە زۆر بە ئەرك و ناخۆشییەوە قژی دەشوات و مێردەکەی ماوەی (٣٠) خوولەك پێوەی خەریك دەبێ تاوەکو بۆی شانە دەکات، هەموو هەفتەیەك (٤) جار قژی دەشوات و ئەویش بە (٤) شامپۆ و ماوەی (١) کاتژمێر.



# قۆپیەچییەکان کاری سەیر دەکەن



قوتابییە تەمەڵەکان، هەردەم بەدوای بیانو و فێڵ دەگەڕێن بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەکان ڕزگاریان بێ، بە تایبەت ئەوانەی قۆپیەچین و فێری قۆپی کردن بوونە، ئەمەش بۆتە نەریتێك لەلایان کە چۆن بەردەوام بن لەوکارانەیان، یەکێك لە دوو سەیرترین قۆپیەکانی کە بەم دواییە گیراوە، ئەویش بریتییە لە کوڕێك کە دەستێکی دروستکراوی لەگەڵ خۆی هێناوەتە ناو هۆڵی تاقیکردنەوە و لە ژێرەوە بە دەستە ڕاستەقینەکەی خۆی کاری قۆپیە کردن دەکات، ئەوەی دیکەش بریتییە لە کچێك کە شتی لەسەر ڕانی خۆی نووسییوە و بەبێ ئەوەی کەسیش بزانێ.

# نانی تیری هەر بە تام و لەزەتی جاران



**ڕەوەند بەختیار**

نانـــی تیری یـــان هەندێ جار نانی ســـێری پێدەگوترێ بەرهەمی دەست ڕەنگینی ئافرەتان و داپیرانی ئێمەیە، کە بەدەســـت و بازووی خۆیـــان توانیویانە چەندە بە جوانی بەرهەمێکی ناســـك و جوانی ســـەرەکیترین بەشـــی خواردن پێشـــکەش بکەن، ئەمـــەش کاتێك لەسەر ئاگردان سێڵ دەهێنرێ و گەرم دەکرێ، دواتر هەویر ئامادە دەکرێ و لەسەر فەرشە پان دەکرێتەوە و دەخرێتە ســـەر ســـێڵەکە تاوەکو زۆر دەبرژێ، ئەمە کاتێك خانمان مەبەســـتیان نانی تیری دەبێ، کە نانێکی ڕەقـــە و دەکرێ لە ماڵدا دابنـــرێ و ئیتر بە ڕێگەی (ڕشـــاندن بە ئاو) ئەو نانە ڕەقە نەرم دەکرێتەوە، یان دەکرێ نانەکە ئەوەندە ببرژێنرێت و ئیتر وەك نانێکی ساج دەردەکەوێ و تامێکی خۆش و بەلەزەتی هەیە، بێگومان نانی ســـەر ئاگردان تامێکی خۆشی هەیە لەچاو نانی نانەواخانەکان.

# خانەوادەیەکی سەیر!

مرۆڤە بە بەهرە و توانا ســـەیرەکان دەتوانن کاری جوان و سەیر ئەنجام بـــدەن، بە تایبەت ئەوانەی کە وەك خاوەن پێداویســـتە تایبەتەکان، کە هەندێکیان بەشێکی جەستەیان نییە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی خەڵك بۆیان لاوازە لـــەوەی کاری خۆیان بەخۆیان ئەنجام بدەن، بەڵام ئەگەر ســـەیری ئەو خانەوادە ســـەیرە بکەین، کە پێکهاتوون لە پیاو و ئافرەتێك، هەر یەکە بەشێکی جەستەی نییە، پیاوەکە ناوی (ئەحمەد)ە و هەردوو دەســـتی نییـــە، خاتوونیش نـــاوی (فاتیمە)یە و قاچی نییە، ئێســـتا هەریەکە هاوسەری یەکترن و ڕۆژانەش کاری خۆیان بە دەســـت و قاچێکەوە ئەنجـــام دەدەن، وەك ئەوەی یەك مرۆڤ بن و لە یەك جەســـتەدا بژین، ئەوەی لەسەرمانە بە چاوی مرۆڤێکی ئاسایی سەیریان بکەین، چونکە وەکو کەسێکی سروشتی ژیان بەسەر دەبەن.



# پیاوێک (٨٦) ژنی هێناوە!



زۆرن ئەوانەی حەز بە ژنی زۆر دەکەن، دەیانەوێ لە ژیاندا زۆرترین ژن بهێنن، ئەمەش وەك ئەو پیـــاوە پیرەیە کە لە وڵاتـــی نیجیریا دەژی و تەمەنی (٨٤) ســـاڵە و لەو تەمەنەیدا (٨٦) ژنـــی هێناوە و خاوەنی (١٧٠) منداڵە، ئەوەی ســـەیر بێ ئەو پیاوە زۆر متمانەی بەخۆیە، کە بۆ تۆڕەکانی هەواڵ وتویەتی: من ئەو بەهرەیەم هەیە کـــە دەتوانم ئەو کۆمەڵە ژنە بەخێو بکەم و بڕوام پێ بکەن ژن هەبوو لە خۆیەوە داوای کردووە کە شووم پێبکات.

# شاژنی بەریتانیا دەرۆزە دەکات

لە ســـەیرترین حاڵەتـــدا، کاتێك هاووڵاتیانی شـــاری بێمنگهامی ئینگلیزی، دەبینن کە شـــاژنی وڵاتەکەیان (ئەلیزابێتی دووەم) کە دەرۆزە دەکات بە جلێکی شـــڕەوە و لەســـەر یەکێـــك لە شۆســـتەکان کەوتـــووە، ئەوەی جێگەی ســـەیرە خەڵکێکی زۆر لەســـەری کۆبوونـــەوە، کەچی بینیان نە قســـە دەکات و نـــە جووڵەش، لە دوایـــیدا دەردەکەوێ کە ئەوە تەنیا پەیکەرێکە و لەلایەن هونەرمەندی چیکی (ئیدگار تشـــکلۆفزجی) کاری بۆ کراوە و لەسەر شۆستەی داناوە، ئەوەی سەیرە پەیکەرە زۆر لە ڕاستی دەچێ.






## وەی لیَ لیَ!

لە کوردستان تا ئێستاش تابلۆ سەیرەکان بەردەوامە لە دەرچوون، هەر یەکە بەپێی خواست و ویستی خۆیەوە دەینووسێ، بەبێ گوێدانە شێوازی ئەو نووسینەی کە دەبێتە تابلۆی شوێنێك، ئەو تابلۆیانە بۆ دانانی ناوێکی خۆشە بۆ ئەو شوێنە تاوەکو سەرنجڕاکێش بێ و خەڵکی بیخوێننەوە، بەڵام لای ئێمە زیاتر سەرنجڕاکێش کراوە و نووسینەکان بەرەو کۆمیدیا و سەمەرە دەچێ، لەسەر یەکێك لە دوکانەکانی مریشك فرۆشتن نووسراوە (وەی لیَ لیَ)، ناونیشانێکی سەیرە و دەبێ خاوەنەکەی گۆرانی بێژ بێ یان مریشك فرۆش، یان بە چ مەبەستێکەوە ئەو ناوەی داناوە!؟

## دێرە جوانەکان



**کامەران موکری دەڵی :**

قژی نەرمت وەکو تاڵی خۆرەتاو
لەسەر قۆڵ و شانی سپی پەرش و خاو
نەغمەی شیرین، ئاوازی خۆش لەدەنگا
ورشەی سەرنج لەناو چاوێکی مەنگا
خاڵێکی کاڵ، نەخشێکی جوان لەسەر روو
بەژن و باڵات، وردیلە و رێك و هەڵچوو..

## مانای شتەکان لە خەون


**کانی**: لەخەودا رزق و خێرو بەرەکەتەو بەدی هاتنی نیاز و مەبەستە، تەقینی یەك کانیاو لەناو ماڵ خێر و خۆشییە، بەڵام تەقینی کانی زۆر لەناو ماڵ باش نییەو کارەساتە، هەروەها تەقینی کانی ئاو لەناو دیواری ماڵەکە باش نییە، دەست نوێژ شوشتن بە ئاوی کانی زۆر باشە، گەیشتنی ئاوی کانی بۆ ناو ماڵ خێر و خۆشی و رزقە ئەگاتە ئەو ماڵە.

**سەرچاوە: خەوننامە !**




**گاور ٣/٢١ - ٤/١٩**

زۆر کەس هەن لەپێشەوە ئافەرینت لێ دەکەن و بەڵام لەدواوە سەرزەنشتت دەکەن، بڕوات بەکەسێك نەبێت کەهانت دەدات بۆ ئەنجامادنی کاری خراپ، پێویستە بەقوڵی بەخۆتدا بچیتەوە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەگەر ئەو کارەی وا بیری لێدەکەیتەوە کە ئاسانەو سەردەکەویت تێیدا، ئەوا بەهەڵەدا چوویت. واز لەم کارەت بێنە ئەگینا شکست دەهێنیت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئاوات و خۆزگەت زۆرە، بەدڵنیاییەوە ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەت، باری داراییت بەرەو باشتر دەچێت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لەم رۆژانە بیری رابردووت دەکەیتەوە، بەهۆی ئەوەش دەست دەکەیت بە گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانت کە لەوانەیە ئاوات و ئامانجی ژیانیشت بگرێتەوە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەمڕۆ کەسێ کە دەمێکە ململانێت لەگەڵ دەکات تووشی سەر ئێشەت دەکات و پەرێشان دەبیت، بۆیە پەنا وەبەر دولبەرەکەت دەبەیت و داوای هاوکاری لێ دەکەیت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەم هەفتەیە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەگشت بوارەکانی ژیانتدا دەبینیت، بەڵام دەبێ بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ خێزان و دەوروبەرەکەت بکەیت.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دۆکان) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..


| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (دەرگا بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی خوارەوە)
- پیتی خانەکانی (٥+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ئا)
- پیتی خانەکانی (١+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی سەر)






## ئاسۆیی:

١- کچی ئادەم و حەوا خوشـــکی هابیل و قابیل خێزانی هابیل – چیایەکی کوردستانە.
٢- یانەیەکی ئەوڕوپییە(پ).
٣- هەڵم(پ) – بینی(پ) – جۆرە فرۆکەیە(پ).
٤- ڕاهێنەرێکی جیانییە(پ)- ڕاهێنەرێکی جیهانییە.
٥- بازل(ت).
٦- نیوەی عواد – پەیامبەرێکە(پ).
٧- شارێکە لە عێراق(پ)- شاعیرێکی کوردبوو(پ).
٨- چـــوار پیتـــی ئەرســـنال- دوو پیتـــی دایـــە- دراوێکە(پ).
٩- وەکو یەك – شاعیرێکی کوردبوو(پ).
١٠- پایتەختی وڵاتێکـــی ئەورووپیە(پ)- وەکو یەك – ڕەنگێکە.
١١- بەشێکە لەسەر – چیایەکە لە ئەفغانستان .
١٢- کچـــە گۆرانیبێژێکی کـــوردە (پ)- پرخەی لوت لە خەودا .

## ستـــوونی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە- وەکو یەك.
٢- نەخۆشیەکی دەرونیە.
٣- دوو پیتـــی قـــەراغ- نەخێـــر – یانەیەکـــی ئیتاڵییە(پ).
٤- دوو پیتی لانە – گلەیی(پ).
٥- گیاندرێکە (پ) -چا بە E .
٦- یاریزانێکی میســـرییە – یاریزانێکـــی ئینلگیزییە (پ).
٧- ئێمە (پ) کرون(ت).
٨- جۆرە مەشروبێکە (پ) شاعیرێکی کوردبو(پ).
٩- قەمیس – سارد(ت) – دوو پیتی بوخارا.
١٠- یاریزانێکـــی بەرازیلـــی بـــوو(پ)- پایتەختـــی ئەورووپیە(پ).
١١- ڕۆمانێکی بەناوبانگە- شاعیرێکی کوردبوو .
١٢- یانەیەکی وەرزشـــی هیندییە(پ)- شـــاعیرێکی کوردبوو.




- کەچەڵێک ئەچێت بۆ سەرتاشخانە. خەڵکەکە هەمووی پێی پێئەکەنن، ئەویش تەریق ئەبێتەوە و ئەڵێ؛ زەهری مار، چییە هاتووم ئاو بخۆمەوە.

* * *

- ڕۆژێـــک باوکێک وانـــەی ڕێزمانی کوردی فێری کوڕەکـــەی ئەکات، بە کوڕەکەی ئەڵێ (بابت نانی خوارد) بیکە بە ڕابردووی دوور، کوڕەکەشـــی وەڵام دەداتەوە دەڵێ (باپیرم نانی خوارد).



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لایەنـــی ســـۆزداریت گەشـــەیەکی خێـــرا بەخۆیـــەوە دەبینێت و ســـۆز و خۆشەویســـتیەکی لەرادەبەدەر ڕووت تێدەکات، لەوانەیە دیارییەکی بەنرخیشـــت بەدەست بگات.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەوانەیە ئەمرۆ نەگەیتە هیچ چارەسەریەك بـــۆ گیروگرفتەکـــەت، بـــەڵام گوێگرتن لەئامـــۆژگاری ئەوانـــەی لەبورجی تەرازوون کەڵکی هەیە بۆت و قازانج دەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی چوارشەممەیە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەمـــرۆ کەمێـــك وەرس دەبیـــت، لەوانەیـــە لەبەڵێنێکیشـــت پەشـــیمان بیتـــەوە کەبەخۆشەویســـتەکەت داوە، بۆیە هەســـت بەئارامـــی و دەروون و ویژدانیـــت ناکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی شەممەیە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لەبواری خێزانیدا بەرەو باشـــتر هەنگاو دەنێیـــت، زۆربەی کێشـــەکانت بەرەو چارەســـەرکردن دەڕۆن، بۆیە ئەمەش وات لێدەکات کـــە باری دەروونیت ئارام بێتەوەو خۆشی ژیانت داگیر بکات.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەندێك گۆڕانکاری بەرەو کێشـــەت دەبـــەن بەتایبەتیش لەبواری داراییەوە، بۆیە ئـــاگاداری خۆتبـــەو لەهەموو کارێك نزیك مەبەرەوە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

راســـتییەك بێئومێدو بـــێ ورەت دەکات، بەڵام ڕۆژانـــی داهاتوو لەگەڵی رادێیت و خۆشـــحاڵ دەبین، بۆیە بەزیرەکی و پشوو فراوانی هەڵسوکەوت بکە با دوایی پەشیمان نەبیتەوە.

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش



بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە